# داواکاری ئێمە!

پاش بەڕێوە چوونی کۆبونەوەی ناڕەزایەتی دەربڕین لە لایەن زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە پەنابەرانی کوردی ئێرانی(کەیسی ناسراو بە شمال عراق) لە بەردەم نووسینگەی کومیساریای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ' ئانکارا ' (٢٠٠٥/١٢/١٣) وە پاش پەلاماری پۆلیسی تورك بۆ سەر ئەو گرووپە پەنابەرەی کە بە مەبەستی دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە بێوەڵام مانەوەی ویستی ئەوان بۆ نیشتەجێ کردنیان لە وڵاتی ئەمنی سێهەم و لە بەرامبەر پێشگیری دەوڵەتی تورکیە بۆ بەڕێ کرانیان لە ڕێگای ئەم وڵاتەوە بەرەو وڵاتی سێهەم بە شێوەیەکی هێمنانە کۆببوونەوە ، هێندێك ڕاستی حاشا هەڵنەگر سەلمێندران و دەرکەوت کە حکومەتی تورکیە و ئەو نووسینگەیەی **UNHCR** لە تورکیە کە بووەتە بنکەی ' میت ' و ئێستخباراتی تورك هەتاکو ئێستا هەر هەوڵیان داوە بە دانانی گوشاری هەمە چەشنە لە سەر ئەو پەنابەرە کوردانە کە بەشێك بوون لە دژبەرانی کوماری ئیسلامی ئێران ، مەجبووریان کەن بەرەو ئێران بگەڕێنەوە و بەو جۆرە خزمەتێکی گەورەیان بە نیزامی خوێنمژی ئاخوندی کە هاوپەیمانی دژ بە کوردیانە بکەن .

قسە و وەڵامەکانی ئەم دوو لایانە بریتین لە هێندێك بیانووی ناقانوونی و بێ مەنتیق کە لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوو دا بەردەوام دوو پاتە و چەندپاتە کراونەتەوە و هەر بەو بۆنەشەوە پێویستی بە دژکردەوەیەکی بە هێز لە لایەن پەنابەران و دوست و پشتیوانانیان لە دەرەوەی وڵات دا بۆ ڕزگاری ئەو ١٢٠٠ پەنابەرە کوردە لەو بەندیخانەیەی تێدان هەیە!

پێویستە بگوترێ پەنابەرانی ناڕازی کە لە بەردەرکی نووسینگەی کومیساریای پەنابەران لە ئانکارا دا لە لایەن پۆلیسەوە درانە بەر پەلامارو دەستگیر کران پاش گێرانەوەیان بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی کاتیيان لە شارە ناوەندیيەکانی تورکیە لە لایەن پۆلیسەوە دراونەتە دادگا تا بە تاوانی ئاژاوەگێری دادگایی بکرێن و پێشبینی ناکرێ کە چ حوکمێکیان بە سەر دا دەسەپێ!؟؟

لە هەر حاڵ دا بێوەڵام هێشتنەوەی داخوازە بە هەقەکانیان و هێرشی پۆلیس و دادگایی کرانی ئەو گرووپە لێقەوماوە شتێکی تازە نیە ! بەڵام بۆ پێشگێری لە دووپات نەبوونەوە و ڕزگاری یەکجارەکیيان دەبێ هێزێکی گەورەیان لە پشت بێت !
داواکای هەمیشەیی ئەو ١٢٠٠ پەنابەرە پشتگری کرانیانە لە لایەن حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیيە سیاسیيەکان و تێکوشەرانی پارێزەری مافی مرۆڤ و مافی پەنابەران!

**٢٠٠٥/١٢/١٦**
**کومیتەی هەماهەنگی پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیە ( کەیسی ناسراو بە شمال عراق)**